# دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی جوانیی بپارێزم

**د. جەلال بەرزنجی**
**(کەنەدا)**

**بۆ خانەوادەکەم، ئەو کاتانەی جەستەم نەیدەتوانی هەڵمگرێت، ئەوان لەناو دڵیان هەڵیانگرتم.**



پەنجەرەیەکیان لە سنگم کردەوە،
لەوێوە ڕووناکی نەهاتە ژوورەوە؛
سەرسوڕمان هات.
بۆ حەوت کاتژمێر،
من لە دڵم جیابوومەوە،
یان دڵم لە من؟
کێ دەزانێت؟
لەو ساتەدا،
جیهان و
بینینم،
وەک خۆیان نەبوون.
ئێستا مردن لە دوورەوە بانگم ناکات؛
لە تەنیشتم دانیشتووە.
مردن وەک میوانێک وایە هێشتا ناوی نەزانم،
بەڵام چیتر
نە ترسە،
نە نامۆ؛
ناوی هەر تراژیدیایە .
کات،
تیژیی جارانی نەما؛
سێبەری لەسەر دیواری ژوورەکەم
لاربووەوە.
لەو شوێنەی ژیانم لەگەڵ مردندا،
لە دانوستاندن،
زانست وەڵامی هەبوو؛
دڵەکەی ئەو،
جەستەمی بە نەرمی هەڵگرت.
دەترسام نهێنییەکانی دڵم،

وەک پرچی ڕەشم،
یان ئەو هەموو ساڵانەی
لە غەریبیدا،
لە دەستم چوون
نەگەڕێنەوە.
گەڕایەوە؛
بەڵام دەبێت فێری لێدان ببێتەوە،
پێناسەی خۆی بکاتەوە.
گیان ئەو جارەش لەناو جەستەمدا
ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە.
لە کۆپییەکاندا،
بەدوای ڕاستیی مندا دەگەڕێت.
هێشتا دەستم لەناو لوولەیەکی تەسکدایە
ئازادیم لەدەست داوە.
خۆشەویستەکانم بارگرانیم هەڵدەگرن،
بەڵام من نازانم
چەند برینی بێناوم هەڵگرتووە.
ئازار،
وەک تاریکی،
لێواری نییە؛
ئاسۆی نییە.
تەنها جەستەم شک دەبات.
منیش وەک جەنگاوەرێک
لە ژێر گەمارۆدا،
داوای هێز دەکەم.
مۆرفین
لە دەستی پەرستاردا،
پزیشک لە ڕێگادا؛
هیوا دەهێنن،
بەڵام هەموو شتێک ناگۆڕن.
ڕووناکی،
وەک میوانێکی دوودڵ،
لە دەرگا وەستاوە؛
نازانێت
بێتە ژوورەوە،
یان بگەڕێتەوە دواوە.
هەندێک یادەوەری زمانیان نییە.
ئازار فێری کردم
چۆن یادەوەری
بۆ زمانی بێدەنگی وەربگێڕم.
لە پەنجەرە،
لەرزینی ژیان دەبینم.
دەیەوێت بڕوات،
بەڵام بیری چووە ڕێگای گەڕانەوەی
لەگەڵ خۆی بێنێت.

لە شوێنێکی دوورەوە
گەڕاومەتەوە،
بۆ جەستەیەک،
دڵەکەی خیانەتی لێکردم
لە جاران بەسەبرتر گەڕاومەتەوە؛
ڕەنگە لە پشووی،
سێبەری مردن،
فێری ئەو سەبرە بووبم.
بێدەنگیی چیتر ترسی ڕۆیشتنی نییە.
گەڕامەوە؛
نەک لەبەر ئەوەی
دڵم چاک کراوەتەوە،
بەڵکوو لەبەر ئەوەی
بوومەتە کەسێکی تر.
هێزی کۆنم شێوازێکی نوێی
لەبەر کردووە؛
ڕێگا نادات لە بێدەنگیدا
کۆتاییم بێت،
گۆڕم لە گۆڕستانی پەنابەراندا
بێت.

لە ناشوێنێکی ڕەهاوە،
بە دڵێکی تر
گەڕاومەتەوە.
خۆم بە نزیک لە کات دەزانم.
چیتر ئەو نهێنییانە هەڵناگرم
نیگەرانم دەکەن.
لە شوێنێکەوە گەڕاومەتەوە
لەوێندەر هیچ شتێک،
بە تەواوی نامێنێت.
ئەوەی بۆتانی دەگێڕمەوە،
تەنها چیرۆکی گەڕانەوەی پیاوێک نییە
لەناو تاریکی؛
چیرۆکی مرۆڤێکە،
ناوەوەی گەورەترە لە دەرەوەی.
بۆ ئەو نووسین؛
نە بەهرەیە،
نە دیاری؛
بەڵکوو شێوازی ژیانە.
بە دڵێکی دووبارە دروستکراو،
جەستەیەکی گۆڕاو،
لە جیهانێکی تر گەڕاومەتەوە؛
نە بۆ ئەوەی ئێستا بڕۆم،
چونکە هێشتا شتگەلێکم هەن
بیانڵێم.
من تاقیکردنەوەی خوێن،
سۆنەر
یان ڕاپۆرتی پزیشک نیم،
هێشتا بە ژیانەوە گرێدراوم.
لە وشەکانم،
پەنجەرەیەک دروست دەکەم؛
یادەوەری دادەبەزێت،
خەونەکانم هەڵدەستنەوە،
هیوا دەست بە چاککردنەوەی
برینەکانم دەکات.
هەندێک تارمایی
هێشتا بە دەوری ئاسمانی دڵمدا
دەسووڕێنەوە.
لە کۆتایی هەڵنایەم.
ئەگەر نەمتوانی وەک ئارەزوومە بژیم،
یان ڕۆژێک،
پێشوازی لە کۆتایی بکەم،
باری قورسی خۆم،
ناخەمە سەر شانی کەس.
ڕاهێنان لەسەر لە بیرچوونەوەی مردن دەکەم،
خەونەکانم دەکەم بە مۆم
کاتێک تاریکی دێت،
دایاندەگیرسێنم.
گەڕاومەتەوە سەر پیشە کۆنەکەم؛
«پارێزەری جوانی»

٢٠٢٦/٨/٢٨